**www.aidboxcommunity.co.uk**

# AidBoxConnections

**هێواشکردنەوەی کەنارگیری، بنیاتنانی هاوڕێیەتی و کۆمیونیتیەکان**

**خزمەتگوزارییەکە بۆ کێیە:** - ئەو کەسانەی کە ڕاگوێزراون (پەنابەران و داواکاری مافی پەنابەری) و ئێستا لە بریستڵ دەژین، وە حەزدەکەن هاوڕێی نوێ پەیدا بکەن و ببن بە بەشێک لە کۆمیونیتیەکە.

**چۆن کاردەکات:** ئێمە تۆ دەگەیەنین بە 'هاوڕێیەکی کۆنێکشن'، کەسێکی کراوە کە ئاشنای بریستڵ و حەزدەکات هاوڕێی نوێ پەیدا بکات. هەفتەی دوو جار لە کاتێکدا پەیوەندیت پێوە دەکات کە بۆ هەردووکتان گونجاو بێت و دەمەتەقەیەکت لەگەڵ دەکات. دوای 12 هەفتە دەتوانیت:

1. بەردەوام بیت لە گەشەپێدانی هاوڕێیەتیەکە بەبێ دەستوەردانی ABC
2. کۆنتاکتەکە بپچڕێنیت
3. پەیوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکە گری بدەیت

لە ماوەی 12 هەفتەکەدا زوو زوو پەیوەندیت پێوە دەکەین و هەر کاتێک بتەوێت یان هەر کێشەیەکت هەبوو بەردەست دەبین بۆ تۆ.

هاوڕێکەی کۆنێکشن بۆ هاوڕێیەتی تۆ و کەمکردنەوەی هەستی کەنارگیری لەوێیە، نەک چارەسەرکردنی کێشە یان پێدانی ڕاوێژ. هەموو هاوڕێکانی کۆنێکشنی ئێمە دەربارەی خزمەتگوزاریەکانی بریستن کە بۆ پەنابەران و داواکاری مافی پەنابەری بەردەستن لە بریستڵ ڕاهێنانیان پێ کراوە، بۆیە دەتوانن هاوکاریت بکەن ئەو خزمەتگوزارییە بدۆزیتەوە کە پێویستت پێیەتی. هەروەها لە نزیکەوە چاودێری دەکرێن تا دڵنیابینەوە هەمووان سەلامەتن.

هەموو کۆنتاکتەکان لە ڕێگەی تەلەفۆن، وەتسئەپ، پەیوندیی ڤیدیۆیی دەبێت - لە ماوەی پرۆگرامە 12 هەفتەییەکە ڕووبەڕوو چاوت بە کەسەکە **ناکەوێت**.

ئیمۆجین و نۆوامی ڕێکخەری ئەید بۆکس کۆنێکشنزن (Aid Box Connections) و ئەگەر هەر کێشە یان نیگەرانیەکت دەربارەی ئەم خزمەتگوزارییە هەبوو دەتوانیت پەیوەندییان پێوە بکەیت.

- ئیمۆجین 07378 663110 ئیمێڵ: imogen@aidboxcommunity.co.uk
- نۆوامی 07378684891 ، ئیمێڵ:naomi@aidboxcommunity.co.uk

**لێدوانی تایبەتمەندێتی**

تاکە زانیاریی کە ئێمە هاوبەشیی پێدەکەین ناوی تۆ و ژمارە تەلەفۆنەکەتە، مەگەر ئەوەی خەمی سەلامەتیی خۆت یان کەسێکی دیکەمان هەبێت. ئەوی دیکە ئارەزووی خۆتە کە چی زانیاریەکی دیکە لەگەڵ هاوڕێکەی کۆنێکشن هاوبەشی پێدەکەیت.